**بۆ سەرۆکایەتی هەردوو پارتی حوکمرانی کوردستانی عیراق**

**بۆ هەموو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان**

**لێژنەی بەدواداچونی یاداشتنامەی (٢٥) روناکبیری کوردی ئەوروپا کە لە ٣/٧ ئەمساڵدا پێشکەش بەو لایەنە سیاسیانەی کوردستان کرابو، بەخۆشحاڵیەوە پێشوازی لە هەواڵ و ئەنجامەکانی کۆبوونەکانی رۆژانی ٧ و ٨ ئەم مانگەی نێوان سەرکردەکانی ئەو دوو پارتە سەرەکیەی کوردستان کرد، کە مایەی دڵخۆشی و سەرنجی هەموو گەل و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانن.**

**رێکەوتنی هەردوولا لە سەر جێبەجێکردنی هەموو خاڵەکانی رێکەوتننامەی واشنتۆن و یەکخستنی بۆچوونەکانیان دەربارەی مەسەلە چارەنووسسازەکان و کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان لە ٤ ئوکتۆبەردا کارێکی هەستکردنە بە بەرپرسیاری.ئێمەش تەواوی پشتگیری خۆمان دەردەبرین، هاوکات دەمانەوێ سەرنجتان بۆ یاداشتنامەکەی ٧ / ٣ رابکێشین کە لەوێدا ئاماژەمان بە گرنگیی یەکگرتنەوەی هەردوو کارگێریەکەی هەولێر و سلێمانی کردبوو.تکامان وایە هەرچی زووترە ئەم رێکەوتنە و هەموو خاڵەکانی رێکەوتننامەی واشنتۆن جێ بە جێ بکرێن و بەرەو یەکگرتنەوەی هەردوو کارگێری لە دەمێکی کورتدا هەنگاو هەڵبنێن کە رووداوێکی مەزن دەبێ و لە مێژودا بۆتان تۆمار دەکرێ.**

**لە پێناوی سەرفرازی کورد و کوردستاندا، سەرکەوتنتان بە هیوا بۆ دەخوازین**

**لیژنەی بەدواداچوونی یاداشتنامەی**

**٧ مارتی ٢٠٠٢**

www.kurdistannet.org